
زنجیرەی مێژوو بۆ لاوان (12)

# ئیمپریالیزم

## پیتەر ئامی

و: ئاگری ئەفشین



2017

زنجیرەی مێژوو بۆ لاوان (١٢)

ناوی کتێب: ئیمپریالیزم

نوسینی: پیتەر ئامی

و. لە ئینگلیزیەوە: ئاگری ئەفشین

چاپ: ئەلکترۆنی

ساڵ: ٢٠١٧

ناوەڕۆك:


پێشەکی

سەفەری گەڕان و دۆزینەوە

ئیسپانیەکان لە ئەمریکا

دۆزینەوەکانی پورتوگال

دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی باکوور

سیستەمی چاندن

توجارەتی ئاتلآنتیك

سیستەمی کشتوکاڵ لە شوێنەکانی تر

سەرەتای ئیمپراتۆری بەریتانیا

ئیمپراتۆری ڕوسیا

حکومەتی موستەعمەرەکان

سەربەخۆیی ئەمریکا

ڕۆژئاوایی ئەمریکا و ڕۆژهەڵآتی ڕوسیا

داهاتووی ئیمپراتۆری بەریتانیا

ئیمپراتۆریەتی هیندستانی ژێر دەسەلاتی بەریتانیا

کێبڕکێی نوێی ئیمپریالیستی


موستەعمەراتی سوود لێ وەرگرتن و نیشتەجێکردن

ئیمپریالیزمی ئابووری

کۆتایی ئیمپراتۆریەتی ئەوروپا

ئیمپراتۆریەتی ئەوروپایی لە مێژووی جیهان

نرخی ئیمپریالیزم



**بانگەشەکەرانی یەسوعیەکان لە ناو هیندیە سورەکان لە کالیفۆرنیا بانگەشەی مەسیحیەت دەکەن.**

## پێشەکی:

ئیمپراتۆریەت دروست دەبێت بە هۆی حکومڕانی و کۆنترۆڵ کردنی سەرزەوی و خەڵك بە دەر لە سنووری خۆی. ئیمپریالیزم لە ئیمپراتۆریەتەوە دروست بووە، کە کاریگەری گەورەی هەبووە لە سەر ڕواڵەتی مێژووی جیهان. لە هەموو سەردەمەکاندا ئیمپراتۆریەت هەبووە. دەتوانی لە کتێبەکانی دیکەی ئەم زنجیرەیەدا لەبارەی ئیمپراتۆرەکانی جیهان وەخوێنی: ئەکبەر پاشا و ئیمپراتۆریەتی مەغۆڵ، ئیمپراتۆریەتی عەرەب، سولەیمان و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، جەنگیزخان، ئیمپراتۆریەتی مەنگۆلیا و ئیمپراتۆری ڕۆم.

لەم کتێبە بچوکەدا چاوێك دەگێڕین بە ناو ئەو ئیمپراتۆریەتانەی ئەم پێنج سەدەیەی ئەخیری پەیوەست بە وڵاتە ئەورپیەکانەوە. ووشەی ئیمپریالیزم زۆر جار بە هۆی چالاکی و پەل هاویشتنەکانی ئیمپراتۆریەتەکانی ئەورۆپی بەکارهاتووە، کە جیاوازترە لە ڕێگەی ئیمپراتۆریەتەکانی پێشتر. لە ناوخۆیان، دەستیان گرتووە بە سەر ملیۆنان میلی دووجا سەرزەوی و حکومڕانی کردنی ملیۆنان خەڵك. ئەم کتێبە بچوکە باس دەکات لەمەڕ چۆنیەتی گەشەی ئەم ئیمپراتۆرانە، چیان ویستووە، کاریگەریان لە سەر خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان و بۆچی بەرەو لە ناوچوون چوون.

## سەفەری گەڕان و دۆزینەوە

هاوکاتی سەفەرەکانی گەڕان و دۆزینەوەکان، ئیمپراتۆریەتی ئەورووپیش دەستی پێکرد. لە ناوەڕاستەکانی سەدەی پانزەهەم بوو کە کەشتیەکان لە وڵاتانی ئیسپانیا و پورتوگال کەوتنەگەڕان بە ناو دەریادا بۆ دۆزینەوەی ئاراستە و ڕێگای بازرگانی، کە باشتر و چاتر بێت لە هی هیندستان و چین. لەوێدا قازانجی ئەورووپیەکان لە دەستکەوتنی بەهارات و ئاوریشم بوو. ئەو کات بازرگانە عەرەبەکان ئەم جۆرە کاڵایانەیان دەگواستەوە بۆ بەندەرەکانی ڕۆژئاوای مەدیتەرانە. پورتوگال و ئیسپانیا دەیانەویست هەر کوەك بی ئەم قازانج و سوودە بۆ خۆیان بێت و لە چنگی وانی دەربێنن. بەڵام ئەم بە ناو سەفەری گەڕانە کە بۆ دۆزینەوەی ئاراستەی بازرگانی بوو، کەچی ئامانجی ئاینیشیان هەبوو هەروەك هەدەفی بازرگانیشیان هەبوو. ئامانجیان ئەوەبوو کە ئەم بازرگانیە لە چنگی عەرەبە موسڵمانەکان دەربێنن و هەژاریان بکەن و دواتر لاواز بن. بۆ ئەوە بوو کە موسڵمانەکان لەو ناوچانە وەدەرنێن و دواتر خەڵکەکە بهێننە سەر ئاینی مەسیحی.

## ئیسپانیەکان لە ئەمریکا

لە ساڵی ١٤٩٢ کریستۆفەر کۆڵۆمبوس بە باوەڕی ئەوەی کە جیهان خڕە، لە ئیسپانیاوە بەڕێکەوت بە سەرتاسەری زەریای ئەتڵەسدا ڕۆی بۆ ئەوەی ئاراستەی نوێ بدۆزێتەوە بۆ گەیشتن بە هیندستان لە ڕۆژهەڵاتەوە. بەڵام ئەو لە جیاتی هیندستان (جیهانێکی نوێی) دۆزیەوە لە ئەمریکا. دەستەو گروپی دیکەی ئیسپانی شوێن ئەم ڕێگایەی کۆڵۆمبوس کەوتن بەڵان ئەوان بازرگانی بەهاراتیان دەست نەکەوت کە بە شوێنیەوە بوون. لە جیاتی ئەوە لە ساڵی ١٥١٨ هەڵیانکوتایە سەر ئیمپراتۆریەتی ئازتیکەکان لە مەکسیك کە ئیمپراتۆرێکی دەوڵەمەند بوو و لە ماوەی سێ ساڵ وێرانیان کرد. چەند ساڵ دواتر ئیسپانیایەکان دەستیان بەسەر ئیمپراتۆریەتی ئینکایەکاندا گرت لە

باشوری ئەمریکا، بەشی زۆری باشوری ئەمریکایان کەشف کرد و هەروەها بەشی باکورەکەشی. ئەوان هیچ ئیمپراتۆریەتێکی دیکەیان لەوێدا نەدۆزیەوە، بەڵاّن ڕێگەیان خستە سەر پشت بۆ کۆچەرەکانی دیکەی ئیسپانی کە دواتر هاتن. هەوەڵین ئیمپراتۆریەتی داگیرکاری گەوەری ئەوروپی دەستپێکرد. (بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبەکانی ئەمریکای کۆن و کۆڵۆمبوس لەم زنجیرەیەدا)

## دۆزینەوەکانی پورتوگال

لەو سەردەمەدا سەفەرەکانی پورتوگال ڕووی لە باشوری کەناراوەکانی ئەفریقاش کردبوو. بازرگانی کردن بۆ وەدەستهێنانی عاج، تۆزی زێڕ، بیبار(فلفل) و کۆیلە بوو. یەك لە سەفەرەکان بە سەرۆکایەتی ڤاسکۆ داگاما بوو کە لە ساڵی ١٤٩٨ گەیشتە هیندستان. ئەو بەسەرکەوتووی گەڕایەوە، بارێکی بەهاراتی پێ بوو کە شەست ئەوەندەی سەرمایگوزاریەکەی قازانجی کرد.

بازرگانە عەرەبەکان خوازیاری ئەوە بوون کە بازرگانی بەهاراتیان لە دەستدا بمێنێتەوە، بەڵاّم ئەوروپیەکان کەشتی چاکتر و سوکتریان دروست کرد و چەکی بەهێزتریش. بە هۆی ئەمانەوە پورتوگالیەکان توانیان زاڵ بن بە سەر عەرەبەکان و بازرگانی ڕێگای دەریایان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. ئەوان توانیان زنجیرەیەك وێستگەی بازرگانی دابمەزرێنن بە درێژایی کەناراوەکانی ئەفریقا، باشووری ئاسیا و ڕێك بە دەوری ئەو دورگانەی کە بەهاراتیان لێ بوو. ئەوان هەتا گەیشتنە ژاپۆن و چینیش. بەڵاّم لەوێدا نەیانتوانی ئیمپراتۆریەتەکەیان بەرفراوان بکەن چونکە پورتوگالیەکان ژمارەیان ئەوەندە زۆر نەبوو لەوێدا کە بتوانن ئەو کارە بکەن.

زۆر بە خێرایی فەرانسە، هۆڵەندا و ئینگلتەراش دەستیان کرد بە سەفەری دەریایی و کەشتی و چەکی بەهێزیان هەبوو. بەر لە کۆتایی سەدەی شانزە ئەوان کەشتیەکانیان نارد بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بە دوای گەڕان بۆ دۆزینەوەی سەرزەوی نوێ و ڕێگای بازرگانی. بە هۆی یەخبەندانی دەریاکان لە جەمسەرەکان ڕێگایان نەبوو کە بتوانن لە باکورەوە بگەنە وڵاتی چین، بۆیە لە جیاتی ئەوە ئیسپانیا و پورتوگالیان خستە تەنگ و چەڵەمەوە.

## دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی باکوور

نە پورتوگال و نە ئیسپانیاش ئەوەندە بە هێز نەبوون کە بتوانن پارێزگاری لەو ناوچانە بکەن کە بانگەشەیان ئەوەیان دەکرد موڵکی ئەوانە. پورتوگال وڵاتێکی زۆر بچووك بوو، ئیسپانیاش لاواز ببوو بە هۆی جەنگی زۆرەوە لە ئەوروپا. فەرانسە، هۆڵەندا و ئینگلتەراش هەر یەکەیان خاڵی بە هێزی تایەت بە خۆیان هەبوو.

فەرانسە دانیشتوانێکی زۆری هەبوو لە گەڵ دەشت و دەرێکی بەپیت. غرور و مەیلی بەدەستهێنانی سەرزەوی زیاتر پاشایەتی فەرانسەی وادار کردبوو کە لە گەڵ ئیسپانیەکان بجەنگن لە دەرەوەی ئەوروپاش هەروەك لە ناو ئەوروپاش جەنگیان بوو. لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم دۆزەرە (کاشفە) فەرانسیەکان توانین ڕوباری سەنت لاوریەنس، ڕۆژهەڵاتی کەنەدا و بەشی زۆری دۆڵی میسی پی پی کەشف بکەن بۆ فەرانسە. کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی فەرانسە پۆستی بازرگانی لەوێدا دروست کرد، ژمارەیەکی زۆری دورگەشی خستە سەر ڕۆژئاوای هیند.



**ڤاسکو دا گاما جیهانگەڕی پورتوگالی، لە دادگای پاشای کاڵیکوت، هیندستان ١٤٩٨. ئەو کاتەی  گاما ڕێگای بازرگانی دەریایی دەکرد لە ئەوروپاوە بۆ ئاسیا. ساڵی ١٥٥٠ پورتوگالیەکان ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی بازرگانیان بونیاد نا لەئاسیا و بەشێکی ئەفریقاش.**





ئەنبار و کەشتیەکانی هوڵەند لە هیندی ڕۆژهەڵات ١٦٦٩. بە درێژایی سەدەی حەڤدەیەم هۆڵەندا، گەورەترین کۆمپانیای بازرگانی هەبوو لەویّ.

(هەڵبەت ئەمە لە دەریای کارائیبە کە لە کیشوەری ئەمریکا بەڵام ئەم نێوە پورتوگالی و ئیسپانیەکان بە هۆی ئەوەی یەکەمجار وایان زانی هیندستانە ناویان نا ناوچەی هیندیەکان.(و)

لە سەدەی حەڤدەیەم هوڵەندا باشترین دروستکەری کەشتی بوو لە جیهاندا. ئەوان توانیان کەشتی باش و هەرزان دروست بکەن بەمەش پشکێکی گەورەی بازرگانی باربردنیان بردەوە لە ئەوروپا. ئەم سەروەتە زۆرەی ئەوان پێکەویان نا بە هۆی بازرگانی گواستنەوەی کاڵا لە ئەوروپا وای لێکردن هۆڵەندا بەهێزترین بێت. ئەوان پورتوگالیەکانیان وەدەرنا لە ڕۆژهەڵاتی هیندستان (ئیندۆنیزیای ئێستا) ئەو شوێنەی باشترین بەرهەمهێنەری بەهاراتی لیّ بوو. دواتر ڕێگریان لە هەموو ئەوانی دیکەش کرد کە لە گەڵیان ببنە شەریك لە بازرگانی بە ئینگلتەرا و ئاسیاشەوە. هۆڵەندیەکان موستەعمەریەکیان دروست کرد و ناویان لیّ نا نیو ئامستردام (نیویۆرکی ئێستا). ( کاتێك هۆڵەندا ئەو ناوچەیەی داگیر کرد ناوی لێنا نیو ئامستردام واتە ئامستردامی نویّ کە ئامستردام شارێکی گەورە و پایتەختی هۆڵەندە بەڵام چەند ساڵ دواتر بەریتانیا ئەم ناوچەیەی لە ژێر دەستی هۆڵەندا دەرهێنا و ناوی لێنا نیو یۆرك واتە یۆرکی نویّ کە یۆرك شارێکی گەورە وگرنگی بەریتانیایە. (و)) هەروەها چەندین دورگەی هیندیش خستە سەر فەرمانڕەوایەکەی خۆی.

ژمارەی دانیشتوانی ئینگلتەرا بۆ ساڵانێکی زۆریش کەمتر بوو لە دانیشتوانی فەڕانسە. بەریتانیا بە هۆی کارخانەی دروستکردنی کەشتی لە دوای هۆڵەندیشەوە بوو، بۆیە پشکێکی کەمتری لە بازرگانی ئەوروپی هەبوو. لە گەڵ ئەوانەشدا، بەریتانیا هێشتا هەر بەهێزتر دەبوو، چونکە چەند خاڵ و لایەنی چاکی هەبوو کە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی بەهێزتر بێت. وەکو دورگەیەك لە قەراغ ئەوروپا و زەریای ئەتلەسی لە جێگایەکی چاك هەڵکەوتبوو لە ڕوانگەی بازرگانی دەریایی. هەروەها کارخانەی گەرەی دروستکردنی جل و بەرگی کاموای هەبوو، هەروەها سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی کانزایی هەبوو، وەکوو




پلانی گواستنەوەی بەردە بە کەشتی ساڵی ١٨٠٩. زۆربەی سەروەتی ئیمپراتۆری ئەوروپا لە سەدەی حەڤدە و هەژدە لە سەر بنەمای کویلە بوو.

خەڵوزی بەرد، ئاسن، قەڵایی، قۆڕقۆشم و مس. هەروەکوو فەڕانسە و هۆڵەند، بەریتانیاش کۆمپانیای لە ڕۆژهەڵاتی هیند دروستکرد بۆ ئەوەی لە بازرگانی بەهاراتیش سەرکەوتن بە دەست بێنێت. لەم ڕێگایەوە بەریتانیا پۆستی بەڕێوەبردنی بازرگانی لە کەنار دەریایەکانی هیندستانی گرتە دەست. لە جیهانی نوێ (ئەمریکا) دەستیان بە سەر ژمارەیەك دورگەدا گرت، بە جامەیکاشەوە. هەروەها ئەوان چەندین موستەعمەرەیان بە درێژایی کەناراوەکانی زەریایی ئەتڵەسی دروست کرد لە باکوری ئەمریکا، هەروەها نیو ئامستردامیشیان لە هۆڵەند هەستاندەوە.

کۆڵۆنیەکانی (موستەعمەرە) باکوری ئەمریکا، ئەو ناوچانە بوون کە زۆرترین خەڵکیان تێدا نیشتەجێ بوون. ئەو شوێنانەی خەڵك بە دوای زەوی و زار و کاردا دەگەڕان بۆ دروستکردنی خانوو بۆ خۆیان. ئەوان لە سەرخاکی دایکی خۆیان کەسانی بە سوود و کارامە بوون بۆ بەدەستهێنانی مادەی خاو و خستنەگەڕی بازاڕەکان بۆ ئەو کاڵایانەی کە لە ئەوروپاوە دەهاتن.

## سیستەمی چاندن

بەر لە سەدەی نۆزدەیەم تەنها ئیسپانیەکان ڕێژەیەکی زۆر زێڕیان دۆزیبووەوە. بەڵام بە زووی ئەمریکا کاڵای دیکەی بەرهەم هێنا کە نرخیان ڕووی لە زیادبون دەکرد. لەوانە: شەکر، توتن و دواتریش پەموو. قامیشی شەکر بە شێوەی بەربڵاو لە هیندی ڕۆژئاوا و سەرووی باشوری ئەمریکا هەبوو، هەروەها پەمووش هەر لەو شوێنانە و باشووری موستەعمەرەکانی ئەمریکای باکوور گەشەیان دەکرد.




ئەم سێ بەرهەمە لە لایەن سیستەمی چاندنەوە بەرهەم دەهاتن. خاوەن کێڵگە گەورەکان تەنها یەك جۆرە بەرهەمیان دەچاند، بۆیە پێویستی بە کرێکاری زۆر هەبوو بۆ چاوەدێری و ئاگالێبوونی بەرهەمەکان، کە تەنها لە شوێنە گەرمەکان و ئاو و هەوای شێدار گەشەیان دەکرد. خەڵکەکە ناچار بوون ڕەنج و زەحمەت بکێشن لە سەر زەویەکانیان لە بارودۆخێکی ئەوهادا. یەکەم جار بۆ ئەم کارەیان خاوەن کێڵگەکان سوودیان لە هیندیە سوورەکان وەردەگرت بەڵام ئەوان بە هۆی خراپ ڕەفتار کردنی ئەوروپییەکان یان بە هۆی ئەو نەخۆشیانەی لە ئەوروپا بڵاو بووەوە زۆریان گیانیان لە دەستدا. دواتر سودیان لەو تاونبارانە وەردەگرت کە لە ئەوروپا دورخرابوونەوە بەڵان ئەوان ژمارەیان کەم بوو بۆیە کیفایەتی نەدەکرد بۆیان، ناچار کەم کەم جوتیارەکان دەستیان کرد بە هێنانی کۆیلە لە ئەفریقاوە بۆ جیهانە نوێیەکە (ئەمریکا).

## توجارەتی ئاتلانتیك

بازرگانی سێگۆشە جۆرێکی نویّ لە پلانی بازرگانی بوو کە پەیڕەو دەکرا بۆ دەستەبەرکردنی نیازەکانی کشتوکاڵ. ئەم جۆرە بازرگانیە کاتێك ڕووی لە داکشان کرد کە لە سەدەی نۆزدەیەم یاسای بە کۆیلەکردن هەڵوەشایەوە. سیّ خاڵی (سێگۆشەی) بەریتانیا، ڕۆژئاوای ئەفریقا و ئەمریکا بوو. بازرگانە ئەوروپییەکان شەراب، جلوبەرگ، چەك، کاڵای فلزیان و کەلو پەلی جوانکاریان دەبردە ڕۆژئاوای ئەفریقا. لەوێڕا دەیانگۆڕینەوە بە کۆیلە، کەشتیەکانیان پڕ دەکرد لە کۆیلە و دەیانبردە ئەمریکا و بە خاوەن کێڵگەکانیان دەفرۆشتن. لە پای کۆیلەکان ئەوانیش کاڵایان دەکڕی، وەکو: شەکر، مولاس( بۆ دروستکردنی شەڕاب) و توتن کە دواتر ئەمانەیان دەگواستەوە بۆ ئەوروپا و دەیانفرۆشتن. ( بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی بازرگانی کۆیلایەتی لەم زنجیرەیە)

ئەمە تاکە بازرگانی ئاتلانتیك نەبوو لەوێدا. لە سەرانسەری زەریاکە سەودای ڕاستەوخۆ هەبوو کە لەوێدا بەریتانیا وەبەرهێنانەکانی خۆی هەناردەی دەرەوە دەکرد و ئەمریکاش هەندیّ بەرهەمی وەکوو دار و پێستی ئاژەڵی هەنارده دەکرد. ئەمە جگە لەوەی ئەمریکا پێویستی

ئەوروپاشی دەستەبەردەکرد، بازرگانی ئەمریکای باکوور یارمەتیدەر بوو بۆ گەشەی دروستکردنی کەشتی لە ئەوروپا و پیشەی تریش وەکوو دەستەبەر کردنی ئەو پێداویستیانەی وەبەرهێنەرەکان پێویستیان بوو لە کاروباری بازرگانی. بازرگانەکان و خاوەن کێڵگەکان سەروەتەکانیان زیادی کرد. زۆر لە پارەکانیان لە ئەوروپا خەرج دەکرد، یان بۆ خۆشگوزەرانی، یان پارەکانیان لە سەرمایگوزاری بۆ سوودی زیاتر تەرەخان دەکرد.

لە سەدەی هەژدەیەم ژمارەیەك لە بەندەرەکان بە هۆی بازرگانی زەریایی ئەتڵەس گەشەی بەرچاویان بە خۆوە بینی، وەکوو لیڤەرپوڵ لە بەریتانیا، ئامستردام لە هۆڵەند، بوردو لە لە فەڕانسە، لیسبوون لە پورتوگال و کادیز لە ئیسپانیا.

## سیستەمی کشتوکاڵ لە شوێنەکانی تر

لە بەشەکانی دیکەی جیهان سیستەمی کشتوکاڵی لە لایەن بەریتانیاوە ناسێنرا و تەقریبەن بە هەمان کاریگەری گرنگ. لە ئیندۆنیزیا هۆڵەندیەکان دەستیان کرد بە کشتوکاڵ لە جاڤا. لە سەدەی نۆزدەیەم بەریتانیا پەرەی بە کارخانەی کشتوکاڵ دا لە سرینلانکاو ئاسام(کارخانەی چایی). لە مالایا(پلاستیکی سروشتی) لە ماوریتیس و فیجی (شەکر). بەریتانیەکان بۆ ئەم کشتوکاڵکردنە کرێکارە هیندیەکانیان بەکاردەهێنا، نەك کۆیلە ئەفریقیەکان. ئەمڕۆ لە ناوچەکانی دەروەی هیندستان ژمارەیەکی زۆر خەڵکی هیندی هەیە.

## سەرەتای ئیمپراتۆری بەریتانیا

کەم کەم بەریتانیا پشکێکی زیاتری لە بازرگانی ئاتلانتیك وەدەستهێنا و هەروەها ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی ئەوروپی لە دەرەوەی وڵات دروستکرد. هەندێ هۆکار هەبوون، ئەگەر بەراوەرد بکرێت لە گەڵ هۆڵەندا. ئەوان سەرچاوەی کانزای چاکتریان هەبوو و ژمارەی دانیشتوانی زۆرتریش . فەڕانسەش خاڵی بەهێزی هەبوو و هاوشێوەی بەریتانیا پێکەوە بە درێژای سەدەی شانزەهەم وەکوو یەك بەرەو پێش دەچوون.

بە هۆی ڕووبەڕوبونەوەیەکی سەخت کە دواتر تەشەنەی کرد لە نێوان فەڕانسە و بەریتانیا، کە بەریتانیا بارودۆخێکی لەبارتری هەبوو بۆ سەرکەوتن. هەوەڵ ئەوەی کە بریتانیاش هەمان کێشەی بازرگانی فەڕانسەی هەبوو، بەڵام بەریتانیا دەستی گرتبوو بە سەر زەویەکانی ئەمریکای باکوور و دورگەکانی کارابین کە سەروەت و سامانەکەی زیادی کرد. دووهەم ناوچەکانی ژێر دەستی بەریتانیا لەبارتر بوون بۆ نیشتەجێ بوون لە لایەن ئەوروپیەکانەوە. لەساڵی ١٦٨٨ تەنها ٢٠،٠٠٠ فەڕانسی هەبوون بە بەراوەرد لە گەڵ بەریتانیەکان کە ٣٠٠،٠٠٠ نەفەری لە ئەمریکای باکوور دەژیان. سێهەم، بەریتانیا وەکوو هێزێکی دورگەیی توانی سوپایەکی بەهێزی دەریایی دروست بکات. فەڕانسە، وەکوو هێزی سەرەکی، زیاتر تەرکیزی لەوە دەکردەوە کە دەسەڵاتەکەی تەنها لە ئەوروپا بێت تا ئەوەی کە لە دەرەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی بێت.



بەرەکانی ڕوسیا لە جەنگی دژ بە ژاپۆن لە دەرەوەی شارە چینیەکان بە درێژایی جەنگ لە ١٩٠٤ تا ١٩٠٥. ڕوسیا و ژاپۆن هەردوکیان دەیانویست کۆنترۆڵی باکووری چین بکەن و ئەمەش جەنگی لێکەوتەوە. ژاپۆن لە جەنگەکە سەرکەوت و دەسەڵاتیان لە چین زیادی کرد.

## ئیمپراتۆری ڕوسیا

له سەرانسەری ئاسیا له دەریای باڵتیکەوه تا ئوقیانوسی ئارام بە پشتێنەیەکی دارستانی پان دەورەدراوە. له بەشی باشورەکەی هەوارگەیەکی سەرسەوزی هەبوو کە ڕووبەرێکی فراوان لە درەختی سروشتی داپۆشیبوو. له سەدەکانی چەرخی ناوین ئەم شوێنە شوێنی تاتارەکان بووە. ئەسپسوارانی بە توانا بوون بۆ ماوەی چەند ساڵ لە چواردەوری دارستانەکان دژ بە ڕوسەکان پارێزگاریان لە مۆسکۆ دەکرد و چەند جارێکیش پاشەکشەیان بە ڕوسەکان کرد. گۆڕانکاریەکان ئەو کاتە دەستی پێکرد کە ڕوسەکان بە هۆی یەکگرتنی فەرمانڕەواکانی ئەو شارە یەکگرتویەکیان پێك هێنا. پێکەوە و بە سوود وەرگرتن لە چەکە نوێیەکانی وڵاتانی ئەوروپا توانیان دژی تاتارەکان بوەستنەوە. لە کۆتایەکانی سەدەی شانزەهەم شارەکانی تازان و ئاستراخان کە سەر بە تاتارەکان بوون کەوتنە دەستی ڕوسەکان. ڕوسەکان بوونە فەرمانڕەوای ڕووباری ڤۆڵگا، کەم کەم دەستیان بە سەر زەویەکانی دەریایی ڕەشدا گرت. هەروەها بە چیاکانی ئۆڕاڵیشدا پەڕینەوە و دەستیان بە سەر شارەکانی خاکی سیبریادا گرت. ئەوان لە لایەن کازاکەکان پشتیوانی دەکران کە خەڵکی سەر سنورو دەشتەکی بوون هەروەك خەڵکی سەرسنووری ئەمریکای باکوور. کازاکەکان بە هۆی سوود وەرگرتن لە ڕاوکردنی سمۆرەی سیبری(جۆرە گیانلەبەرێکە) و فرۆشتنی پێستەکەی چوون سیبریایان کەشف کرد. لە ساڵی ١٦٣٧ئەوان گەیشتنە ئوقیانوسی ئارام، بەڵام کاتێك گەیشتنە دەریایی ئامون لەوێ ناچاریان کردن لە پێشڕەوی کردن بوەستن. چین کاردانەوەی هەبوو و پێی وابوو ئەو ناوچانە موڵکی ئەون. هەتا سەدەی نۆزدەیەم بە ڕادەی پێویست هێزیان هەبوو کە شوێنگەی خۆیان لەوێ بپارێزن. لە سەدەی نۆزدەیەم ڕوسیا بەشی باشورەکەی بەرفراوان کرد تا سەرزەویەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی، ئێران، حکومەتی کۆنی تورکستان و چین. ئیمپراتۆریەتێکی زلهێزی وەکوو ڕوسیا تەنها بەریتانیا لەو کاتەدا دەیتوانی کێبڕکێی لە گەڵ بکات.

## حکومەتی موستەعمەرەکان

کاتێك ئیمپراتۆریەتی ئەوروپا بەرپا بوو کێشەیان ئەوە بوو کە چۆن بتوانن ئیدارەی ناوچە موستەعمەرەکان بکەن. ناوچەکانی موستعمەرە نشینەکان هەزاران میل دەبوون و ناوچەیەکی زۆریان داگرتبوو. داگیرکەران زۆرجار قازانجخواز بوون یان دانیشتوانێك بوون کە دەیانهەویست لەوێدا بمێننەوە و ژیانی خۆیان بە ویستی خۆیان بەڕێوە بەرن. و دواتر وایان لێ هات کە نەیاندەویست ئەوروپیەکان حوکمڕانیان بەسەرەوە بکەن.

## سەربەخۆی ئەمریکا

لە دوای شکستی فەڕانسە بەرامبەر بەریتانیا لە ساڵی ١٧٦٣، بەریتانیا هەوڵی دا موستەعمەرەنشینەکانی ئەمریکا باجی ئەم جەنگە بدەن. پەرلەمانیش هەندێ ناوچەی دا بە کانەدا کە ئەمریکا بە ئی خۆی دەزانی. لە کۆتایدا شەڕ لە نێوان بەریتانیا و ئەمریکا سەریهەڵدا. (بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ شۆڕشی ئەمریکا) ئەمریکا لە لایەن وڵاتانی دیکەی ئەوروپی پشتیوانی لێکرا و بەسەر بەریتانیادا سەرکەوت.



دانیشتوانی ئەمریکا بەرەو ڕۆژئاوای چیاکانی ڕوکی لە سەدەی نۆزدەیەم. بە درێژای سەدەی هەژدە و نۆزدە دانیشتوانی ئەوروپایی کۆنترۆڵی سنورەکانی ئەمریکای باکوور، ڕوسیا، ئەفریقای باشوور، ئوسترالیا و نیوزیلاندیان کرد.



**ئەسپ سوارانی نیوزلاند لە ڕووبەڕوبونەوەی ئوراکۆ بە درێژایی جەنگی ماوری لە ساڵی ١٨٦٠-١٨٧٠. ماوریەکان لە گەڵ دانیشتوانە بەریتانیەکان دەجەنگان چونکە ئەوان دەترسان کە ئەم بەریتانیانە وڵاتەکەیان لە دەست دەربێنن. زۆربەی ئیمپراتۆرەکان ئەو ناوچانەیان بە زۆری هێزی سەربازی بەدەست هێنا. لە سەدەی نۆزدەیەم ئەیالەتە ئەوروپیەکان زۆر جار سەربازی ئەوروپی و ئەفریقاییان بە کار دەهێنا بۆ ئەوەی ناوچەی زیاتر داگیر بکەن.**

موستەعمەرەکان کە (سێزدە ئەیالەت بوون) حکومەتیان پێکهێنا، و ناویان لێ نا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. ئەوان ڕێکەوتن کە هەرچی زووە خەڵکەکە بجوڵێن بەرەو باشورو لەوێش ئەیالەتیان دروست کرد. ئەمریکاش دواتر وەکوو بەریتانیا ئیمپراتۆریەتێکی دروست کرد، بەڵام بە پێچەوانەی موستعمەراتی بەریتانی، ئەیالەتە نوێیەکانی ئەمریکا پشکی یەکسانیان وەبەرکەوت لەحکومەتداریدا.

## ڕۆژئاوای ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا

هەردوو ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا و ڕوسیا بە چەندین ڕێگای هاوشێوە سنورەکانیان بەرفراوان دەکرد. هەردوو ئیمپراتۆریەتەکان هەوڵیان دەدا سەرزەویەکانی هاوسێی خۆیان بخەنە سەر ئیمپراتۆریەتەکەیان تا ئەوەی پەل بهاوێژن بۆ ناوچە دوور دەستەکانیش. مەودای حکومڕانیکانیان زۆر بوو تا لە خاڵێکەوە بگەنە خاڵێکی دیکە کاتێکی زۆری دەویست. لە سەرەتای ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە تا ئەوکاتەی بۆیان کرا و ڕێگای ئاسنی دروستکرا پشتیان بە ڕێگای دەریایی دەبەست.

لە هەر دوولا وڵاتەکانیان پێشتر داگیر کرابوون. خەڵکانی ڕەسەنی سیبریا و خەڵکانی ئەمریکای باکوور( هیندیە سوورەکان) کە ئەم خەڵکانە سەرزەویەکانی خۆیان لە دەست دابوو و خەڵکانی دیکە هاتبوون لە شوێنەکانی ئەوان نیشتەجێ بوون و داگیریان کردبوو. هەندێ جار لە ڕێگای سەودای نادادپەروەرانەو هەندێ جار بە هۆی چەوسانەوە سیبریەکان و هیندیە سورەکانیان بە شێوەی یەکسان لاواز کردبوو، ئەویش بە هۆی نەهامەتی، نەخۆشی و مادەی کحول.

بەڵام جیاوازی گرینگیش لە نێوانیاندا هەبوو. ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەمریکا زۆر خێراتر خەڵکی لێ نیشتەجی بوو تا ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا لە سەدەی نۆزدەیەم. ئەمریکا ٣٠ ساڵ لە پێش ڕوسیاوە بوو لە دروستکردنی ڕێگای



ڕۆبێرت کلیف ١٧٢٧ تا ١٧٧٤. لە ساڵی ١٧٥٠ کایف بەنگالی داگیر کرد و حکومەتی بەریتانی لەوێدا دەسەڵاتدار بوو و بەشێکی زۆری هیندستانیشی گرت.


شەمەندەفەر. ئەمریکا سێ ئەوەندەی ڕوسیا زیاتر خەڵکی لە ئەوروپاوە بۆ هاتبوو تا ئەوەی لە ئاسیاوە کۆچیان دەکرد بۆ ڕوسیا. ئەمەش چەند هۆکارێکی هەبوو: گەیشتن بۆ ناوچەکانی ئەمریکا ئاسانتر بوو، ئازادی سیاسی لەوێ زیاتر بوو و لەوێدا ژیان خۆشگوزەرانتر بوو بۆ خەڵکی.

## داهاتووی ئیمپراتۆری بەریتانیا

لە دەستدانی موستعەمەرەکانی ئەمریکا کۆتایی بە ئیمپراتۆری بەریتانیا نەهێنا، چونکە هێشتا لە ئینگلتەرا شکۆیەکی بەرزی هەبوو. هەزاران کەس لە ئەمریکیەکان وەفادار مابونەوە بە بەریتانیا و کۆچیان کرد بۆ کانەدا و لەوێدا هاوکاری ئیمپراتۆریەتی بەریتانیایان کرد بۆ ئەوەی زیاتر بەرفراوانتر بێت. چەند ساڵ دواتر موستەعمەرەی ئوستراليا سەریهەڵدا و زۆر بە خێرای موستەعمەرەی کیبی باشووری ئەفریقا لە هۆڵەندا سەندرایەوە. چەند ساڵ دواتر نیوزلەندیش کەوتە سەر ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە هیندستان بوو.

## ئیمپراتۆریەتی هیندستانی ژێر دەسەلاتی بەریتانیا

لە سەدەی هەژدەیەم ئیمپراتۆریەتی مەغۆڵ لە هیندستان شکستی هێنا بە هۆی جەنگێکی حکومەتیەوە. (بگەڕێوە بۆ کتێبی ئەکبەر پاشا و ئیمپراتۆریەتی مەغۆڵ لەم زنجیرەیە)کۆنپانیای بەریتانی لە ڕۆژئاوای هیندستان کێشرایە ناو زنجیرەیەك جەنگەوە کە بەریتانیا دەستی بە سەر هیندستاندا گرت. بەریتانیا وەکوو جەوهەرێکی درەوشاوە دەیروانیە وڵاتی هیندستان. بەریتانیا لەوێ کالای بەنرخی هەناردە دەکرد، وەکو: چای، پەموو و جوتی( جۆرە بەنێکە لە درەخت دروست دەبێت و لە هیندستان دەڕوێت). هەروەها ڕێژەیەکی زۆریش کالای بەریتانی



**دوربانی هیندی لە شاری دهلی ١٩٠٣. (دوربان وەکوو نومادێکی ئیمپریالیزمیە) شازادەی هیندستان دێتە دوربان بۆ ئەوەی پاشایەتی خۆیان نیشانی پاشای بەریتانیا بدات. هەروەها ئەو ئیمپراتۆریەتی هیندستانیشی دەکرد. هیندستان خرجی بەشێکی گەورەی سوپای بەریتانیایی دەدا پێش ١٩١٤.**

هاوەردە دەکرد، پارچەی لە پەموو دروستکراو، و مەخزەنی ڕێگای ئاسنی. هەروەها خەڵکیشی دامەزراند لە کاری کانەکان و کاروباری سوپای هیندستان. ئەم سوپایە پێکهاتبوو لە سەربازی هیندی و بەریتانی بەڵام بە داهاتی هیندستان بەڕێوەدەچوو. بە بەهایەکی کەم بە سوود وەرگرتن لە هیندستان دەیویست دەسەڵاتی خۆی نیشان بدات لە سەرانسەری ئاسیا هەر لە میسرەو تا چین.

حکومەتی هیندستان بووە هۆی گۆڕانکاری گەورە. یەکێك لە کاریگەریە گرنگەکان هاوردەکردنی کاڵای هەرزانی بەریتانی بوو کە زۆرێك لە بەرگ دروەکان، ئاسنگەر و پیشەوەرەکانی دیکە وازیان لە کارەکانیان هێنا و گەڕانەوە سەر کاروباری کشتوکاڵی. لە لایەکی دیکەوە بەریتانیا پەرەی بە ئاوەڕۆ، بەندەر و ڕێگای ئاسنی دابوو. بازرگانی و شارەکان بوژانەوە. ڕێکخستنی کرد لە یاسا و ڕێساکان و سیستەمی خوێندن بونیادنرا.

بە هۆی زنجیرەیەك جەنگ لە سەدەی هەژدەیەم بەریتانیا سوودی لە هێزی دەریایی وەرگرت بۆ ڕێگریکردن لە فەڕانسە بەرامبەر پارێزگاری کردن لە موستەعمەرەکانی خۆی. لە ساڵی ١٧٦٣ فەڕانسە کانەدا و ڕوباری میسی پی پی لە دەستدا هەروەها ڕێگری لێ کرا لەوەی ئیمپراتۆریەتێك لە هیند دروست بکات و کەم کەم هەمووی کەوتە سەر ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا.

## کێبڕکێی نوێی ئیمپریالیستی

لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەیەم ئیمپراتۆری ئەوروپا بە خێرای گەشەی کرد. ئەمەش چەند هۆکارێکی هەبوو، کێبڕکێ لە گەڵ کێبڕکێکارانی دەرەوە نیگەرانی بازرگانەکانی زیاتر کرد بە هۆی لە دەستچوونی نەزمی بازاڕەکان، بۆ وەدەستهێنانی سەرچاوە کانزایەکان،



ڕۆدس لە ئەفریقا” لە کارتۆنێکی بەریتانی وەرگیراوە لە گۆڤاریی پۆنچ. سیسیل ڕۆدس بازرگان و سیاسەتمەداری بەریتانیا بوو لە باشوری ئەفریقا، ئەو دەیویست ناوچەی زیاتر داگیر بکات و دەسەڵاتی بەریتانیا زیاتر بکات. ئەو بەرفراوانی دا بە داگیرکاریەکانی بەریتانیا لە ئەفریقا، لە ساڵەکانی ١٨٩٠. بەڵام هیچ کات بەو خواستەیان نەگەیشتن بۆ دروست کردنی ڕێگای شەمەندەفەر کە میسر و ئەفریقای باشور پێکەوە ببەستێتەوە.

ناوچە بە پیت و سودمەندەکان بۆ سەرمایگوزاریکردن تێیاندا وا دەهاتە بەرچاو کە موستەعمەرە کردن ولاٌمگۆ بوو. دووهەم، نیشتمان پەروەرە ئەڵمانیەکان، ئیتالیایەکان، ئەمریکیەکان و بەلجیکیەکان هەوڵی بەدەستهێنانی موستعمەرەیان دەدا بۆ ئەوەی گەورەیی و دەسەلاٌتی خۆیان پیشان بدەن. سێهەم، بەریتانیا و فەڕانسە کەوتبوونە ژێر کاریگەری هێز وگەشەی بەردەوام و خێرای ئەمریکا، ئەڵمان و ڕوسیا. ئەوانیش دەیانویست موستعەمەرەی زیاتریان هەبێت بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە ولاٌتەکانیان بە زلهێزی ماونەتەوە. چوارەم، زۆرێك لە ئەمریکیەکان و ئەوروپیەکان باوەڕیان وابوو کە ئەوە ئەرکی ئەوانە کە شارستانیەت و ئاینەکەیان لە جیهاندا بلاٌو بکەنەوە، ئەوان موستەعمەرەیان دەویست کە هەر شتێك بیانهەوێت ئەنجامی بدەن. لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەهەم سنورەکانی ئیمپراتۆریەت درێژتر و بەرفراوانتر دەبوون، چونکە ئەمە لە گەلٌ خواستی تاکەکان گونجاو بوو. بازرگانەکان، بانگخوازەکان(پیاوانی ئایینی)، کاربەدەستەکان، سەربازەکان و دەریاوانەکان بە زۆر حکومەتەکانی خۆیان وادار دەکرد بۆ ئەوەی ئەوسەرزەمینانە بخەنە ژێر دەسەلاٌتی خۆیان کە ئەوان پێشتر چاویان لەسەریان بوو.

ئەنجامی سەرەکی ئەم کێبڕکێیانە ڕووبەڕووبونەوە بوو لە سەر بەدەستهێنانی ئەفریقا. بەشی زۆری جیهان لە لایەن حکومەتە بەهێزەکان داگیر کرابوون بۆ ئەوەی خۆیان بە سەربەخۆی بمێنەوە. یاخود ئەوەی ئەوانە پێشتر بەشێك بوونە لە ئیمپراتۆریەتەکەیان. ئەفریقا بەشی زۆری یان بیابان بوو یان ناوچەی سەوزایی، تەقریبەن تا ساڵی ١٨٨٠ ئەو ناوچانە دەست نەخواردوو بوون، بەلاٌم لە ساڵی ١٩١٤ تەقریبەن هەموویان لوش دا.

## موستەعمەراتی سوود لیٌ وەرگرتن و نیشتەجێکردن

زۆرێك لە ئەوروپیەکان ڕوویان کردە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێردەسەلاٌتیان هەڵبەت نەك بۆ نیشتەجێبوون بەڵکو بۆ ئیدارەکردنی کانەکان و زەویە کشتوکاڵیەکان کە پەرەیان پیٌ دابوو. بەرهەمەکانیان، وەکوو پلاستیك، کاکائو و کانزا کە لە سەرانسەری جیهان دەفرۆشان. سودەکانی ئەم بازرگانیە بە شێوەی سەرەکی دەچووە گیرفانی ئیمپراتۆریەتەکان. هەندیٌ جار موستەعمەرەکان ناچار بوون کە کار بۆ ئەوروپیەکان بکەن، وەکو کۆنگۆی ژێر دەسەلاٌتی بەلجیکا. بەلاٌم زۆربەی موستەعمەرەکانی دیکە ئەو کارەیان بۆ ئەوروپیەکان دەکرد چونکە هیچ ڕێگایەکی دیکەیان شك نەدەبرد بۆ ژیانی خۆیان. زۆرجار سەرکردەکان ولاٌتەکانیان بە ئەوروپیەکان دەفرۆشت. هەندیٌ کار کرا بۆ ئەوەی ئەو ناوچە داگیرکراوانە باشتر بن لە ڕووی ژیان کردنەوە تێیاندا، بەلاٌم ئامانجی سەرەکیان بەکارهێنانی ئەوان بوو بۆ سوودی خۆیان. موستەعەمەرە نوێیەکان جیاوازیان هەبوو لەبەرامبەر ئەو موستەعمەرانەی کە خەڵکیان لیٌ نیشتەجیٌ بوون، وەکوو ئوسترالیا و کەنەدا. کە ملیۆنان ئەوروپی ماڵی خۆیان لەویٌ دروست کرد.

هێشتا ئەم دوو جۆرە موستەعمەرەیە بە تەواوی لێك جیا نەبوون. هەندیٌ لە دانیشتوانی ولاٌتە ئەورپیەکان چوون بۆ ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەلاٌتیان بۆ سوود لێوەرگرتنیان بۆ نموونە کینیا و دواتر لەویٌ ماڵەکانی خۆیان دروست بکەن" هەندێك لە خەڵکی موستەعمەرە نشینەکان کە بە ڕەچەڵەك خەڵکی ئەویٌ بوون ئەوەندە لە ژێر فشاردابوون ئەوەندەش بە کاریان دەهێنان بۆ سوودی خۆیان، وەکوو هیندیە سوورەکانی ئەمریکا و ئابڕوجینەکانی ئوسترالیا.



هێزە ئەورپایەکان موستەعمەرەکانیان بۆ سوودی خۆیان بە کار دەهێنا. ڕێگای شەمەندەفەریان دروست کرد بۆ ئەوەی کانزا و سەرچاوە کانزایەکان هەناردەی دەرەوەی موستەعەرەکان بکرێت. لەم وێنەیەدا بەرپرسی ڕێگای ئاسنی ڕێگاکە دەپشکنیّ.

## ئیمپریالیزمی ئابووری

هەمیشە زەروری نەبوو بۆ وڵاتێك بیهەوێ سەرزەویەکی دیکە بخاتە سەر حوکمڕانیەکەی خۆی بە مەبەستی سود لێوەرگرتن لێیان. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە تایبەتی خۆی بە دوور دەگرت کە کۆنترۆڵی سیاسی وڵاتانی دیکە. لە گەڵ ئەوەشدا، لە ناوچەکانی وەکوو ئەمریکای ناوەڕاست و ئەمریکای باشوور، سەرمایەدارە ئەمریکیەکان سەروەت و سەمانێکی زۆریان لەوێدا پێکەوە نا. ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی ویلایەتە یەیکگرتوەکانی ئەمریکا خولیای کۆنترۆڵکردنی ئابووری بۆ پەیدا بێت لە وڵاتانی دیکە. هەندێ جار بەم سیاسەتە دەوترێت ئیمپریالیزمی ئابووری کە پێچەوانەی ئیمپریالیزمی سیاسیە.

هەندێ خەڵك موشتومڕ لەسەر ئەوە دەکەن کە وڵاتانی هەژار نابێ هەمیشە ئازادبن لە سەر بڕیاردان لە سەر داهاتووی خۆیان. بەڵام هەندێ جار دەبێ سیاسەتێك هەڵبژێرن کە گونجاو بێت لە گەڵ نیازەکانی وڵاتە زل هێز و دەوڵەمەندەکان. هەندێکی دیکە بە جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە و دەڵێن دەبێ خەڵی ئەو ناوچانە سەربەخۆبن لە ڕووی ئابووریەوە هەروەك لە ڕووی سیاسیشەوە.

وڵاتانی جیهانی نوێ پێکەوە یەکێتی ویەکگرتووی ئابووری وبازرگانی پێکدێنن. هیچ وڵاتێك لە ڕووی ئابووریەوە سەربەخۆ نییە لە لایەن وڵاتانی دیکە" هەر وەڵاتەو هومێدی سەودا و بازرگانیەکی دادپەروەرانەی هەیە. هەروەك هەموو کڕیارێك دەزانێت، موعامەلەی دادپەروەرانە هەمیشە بۆ کڕیار وفرۆشیار وەکوو یەك نییە. ئابووری ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئەوروپا زیاتر چالاك بوونە لە چاو وڵاتانی دیکە( بە شێوەی گشتی تا ساڵانی ١٩٨٠) هەر ئەمەش وای کردووە کە ئەوان نفوزی زیاتریان هەبێت لە بەشەکانی دیکەی جیهان.



دروست کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون لە بەندەری جاکسۆن لە ئوستراليا ١٧٨٨. هەرچەند لە ساڵی ١٧٥٠ هیچ ئەوروپایەك لە ئوستراليا یان ناوچە نوێیەکان نەژیابوون. تا ساڵی ١٩٠٠ هەر دوو ئەم ناوچانە گۆڕدران بۆ ئەیالەتی نوێ کە ملیۆنان ئەوروپای لەوێدا نیشتەجێبوون.

## کۆتایی ئیمپراتۆریەتی ئەوروپا

لە ناو هەموو ئیمپراتۆریەتەکانی ئەوروپا بزوتنەوەی ڕزگاریخواز هەبوون. خەڵکی موستەعمەرەکان ئاواتەخوازی حکومەتی سەربەخۆ بوون بۆ ناوچەکانی خۆیان. خۆشیان نەدەهات کە ئیمپراتۆریەتەکانی ئەوروپا حوکمیان بەسەرەوە بکەن و بۆ سوودی خۆیان بەکاریان بهێنن. هەروەها ئەوانیش لە ئەوروپیەکانەوە فێربوون کە هەستی نەتەوایەتیان هەبێت، بۆ ئەوەی داوای سەربەخۆی بکەن. ( بگەڕێوە بۆ کتێبی نیبەرە ونیکرەمە و ناسیۆنالیستی هیندی لەم زنجیرەیە)

لە پاش شەست ساڵ کە بەریتانیا موستەعمەرەکانی ئەمریکای لە دەستدا، ئیسپانیاش بە هەمان شێوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە باشوری ئەمریکا لە دەستدا. (بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی بولیڤار لەم زنجیرەیە)

بۆ ڕێگریکردن لە لەدەستدانی موستەعمەرەکانی دیکە، بەریتانیا هەوڵیدا پلانی جیاواز بگرێتە بەر. ئەوان دەرفەتێکیان دا بە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتیان کە حکومەتی خۆبەڕێوەبەریان هەبێت، و خۆیان تەنها کۆنترۆڵی هەندێ پۆستی گرنگی وەکوو کاروباری دەرەوە بگرنە ئەستۆ. کەم کەم هەتا وای لێهات وڵاتەکانی وەکوو ئوستراليا، کانەدا، نیوزلەند و باشوری ئەفریقا سەربەخۆی تەواویان بەدەست هێنا.

لەسەدەی بیستەم وڵاتە ئیمپراتۆریەتەکان لاواز بوون، ئەویش بە هۆی هەر دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەم کە لە دژی یەکتر دەجەنگان. (بگەڕێوە بۆ کتێبی دوو جەنگی جیهانی لەم زنجیرەیەدا)ئەوان فشارێکی زۆریان نەخستە سەر موستعەمەرەکانیان، کە ئەگەر خۆیان ویستبایان سەربەخۆی بەدەست بێنن. ئەو وڵاتانەی ڕۆژئاوا کە سەرکەوتوبوون وەکوو: بەریتانیا، فەڕانسە و ئەمریکا لە

## سەرزەویەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەوروپا ساڵی 1914

| ولات | ژمارەی موستەعمەرەکان | ڕووبەری موستەمەرەکان (کم دووجا) | ژمارەی دانیشتوانی موستەعمەرەکان |
|---|---|---|---|
| بەریتانیا | 55 | 31,193,457 | 391,582,528 |
| فەرانسە | 29 | 10,645,959 | 62,350,000 |
| ئەڵمان | 10 | 3,188,261 | 13,074,950 |
| بولگاریا | 1 | 2,356,900 | 15,000,000 |
| پورتوگال | 8 | 2,083,500 | 9,680,000 |
| هۆڵەندا | 8 | 1,975,815 | 37,410,000 |
| ئیتالیا | 4 | 1,531,337 | 1,396,176 |
| کۆی گشتی | 115 | 52,975,229 | 530,493,654 |

ئیسپانیا تەقریبەن تا 1914 هەموو موستەعمەرەکانی لە دەستدابوو.

ژێر ناوی ئازادی دەجەنگان. ئیتر لەمەولا زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتانە پێیان ڕاست نەبوو کە ئیمپراتۆریەتەکان ڕێگر بن لە خەڵکی ناوچە داگیر کراوەکان کە داوای سەربەخۆی دەکەن.

هەمووان بەوجۆرە بیریان نەدەکردەوە. وڵاتە ئیمپریالیستەکان نەیاندەویست بەو خێرایە سەربەخۆی بدەنە موستەعمەرەکان کە سەرۆکی ئەو وڵاتانە داخوازی بوون. بۆیە لە زۆر ناوچە بۆ نموونە ئیندۆنیزیا، جەزایر و ئەنگۆلا کاتێکی زۆری ویست و جەنگێکی زۆر کرا تا دانیان نا بە سەربەخۆی ئەو وڵاتانە.

ئیمپراتۆری ڕوسیا تاکە ئیمپراتۆرە بوو کە بەسەلامەتی بۆی دەرچووو. هەرچەند لەناوخۆ و لە یەکێتی سۆڤیەتدا گۆڕانکاری کرا، بەڵام هێشتا هەر لە لایەن ڕوسیاوە فەرمانڕەوای دەکرا. تاکە ئیمپراتۆریەتی وڵاتی ئەوروپی بوو کە توانییەتی بەردەوام بێت.

### ئیمپراتۆریەتی ئەوروپایی لە مێژووی جیهان

ئیمپراتۆریەتی ئەوروپایی کاریگەری گەورەی کردە سەر مێژووی جیهان. لە چەند ڕوویەکەوە، ئەوان بوونە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی گەورە لە ناو خەڵک، ئەوروپییەکان کۆچیان کرد بەرەو ئەمریکا، ئوستراليا، ئەفریقا و سیبریا و زۆر شوێنی دیکە. ئەفریقایەکانیان وەکوو کۆیلە هێنا بەرەو ئەمریکا. هیندیەکانیان لە شوێنی خۆیان جوڵاند بۆ چواردەوری ئاسیاو هەتا ڕۆژهەڵاتی هیندستان. دووەم، ئەوان بوونە هۆی گۆڕانکاری لە ئابووری ئەو ناوچانەی کە داگیریان کردبوون، ناوچەکانی خۆیان و ئەوروپاش. کارخانەی نوێیان دروستکرد و گەشەیان بە بازرگانی دا. سێهەم، ئیمپراتۆرەکانی ئەوروپا هاوکار بوون بۆ ئەوەی بیرۆکەی نوێ و ڕێگای نوێ بێتە ئاراوە بۆ ئەنجامدانی شتەکان، وەکوو: فێرکاری زانستی و تەکنەلۆژیا" بیرۆکەی ڕۆژئاوا لەبارەی میتۆدەکانی بازرگانی، ستایلی ڕۆژئاوایی بۆ ژیان، بۆ نموونە لە بارەی تەلارسازی و جل وبەرگ،



لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەم نەقاشیەك لە شاژنی بەریتانیا ڤیکتۆریا، کتێبی پیرۆز(ئینجیل) پێشکەشی دادەوەرێکی ئەفریقی دەکات کە لە سەر چۆك دانیشتووە. لە حکومەتی ڤیکتۆریا (١٨٣٧-١٩٠١) ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بە خێرایی لە جیهان حکومڕانیەکەی بەرفراونتر کرد.

بیرۆکەی ڕۆژئاوایی لەمەڕ ناسیۆنالیست، حوکمڕانی و یاسای ڕۆژئاوایی و زمانی ڕۆژئاوایی.

شتێك کە کێشەی بۆ مێژوونوسان دروست کرد کە کو بڕیار بدەن کە ئایا تا چەند دەرئەنجامی ئیمپریالیزم بوەتە هۆی گۆڕانکاری-کە ئەوە یاسایە یان کۆنترۆڵ کردنی میلەتێك لە لایەن میلەتێکی ترەوە-وە تاچەند ئەنجامەکان کاریگەربوونە و تاچەند لاسایی کردنەوە(تەقلید) بوونە.

ژاپۆن وڵاتێکی سەردەمیانەی نوێی ئاسیایە، لە داوی ئەوروپا هەلات و هەوڵی بە هێزکردنی دەسەلاتی خۆی دا بۆ ئەوەی لە چنگی ئەوروپا نەجاتی بێت. دواتر، ژاپۆن ویستی ڕەوشێکی هاوشێوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆژئاوا بۆ خۆی دروست بکات و هەروەها بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازرگانی بەشی زۆری ڕۆژئاوای ئاسیا.

## نرخی ئیمپریالیزم

هەندێ لە ئیمپریالیستەکان زیانی زۆریان بە خەڵك گەیاند، بە کوشتن، کۆیلەکردن ، وەدەرنانی خەڵك لە ناوچەکانی خۆیان و بە سوود وەرگرتن لە ناوچە موستەعمەرەکان بە بێ ئەوەی قازانجەکەی بۆ ئەو خەڵکە بێت. لەبەرئەوە هەندێ لە ئەورووپیەکان و ئەمریکیەکان لە ڕابردووی ئیمپراتۆریەتی خۆیان شەرمەزارن. و زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتانەی تازە سەربەخۆیان وەدەستهێنا بوو، ڕەقیان لە ئیمپریالیزم دەبێتەوە و دژن لە گەڵ وڵاتە ئیمپریالیستەکان. لە هەردوولا لە ئەورووپیەکان و وڵاتە نوێیەکانیش زۆر خەڵك پێیان وابوو کە ئەوە ئەرکی ئەوروپایە هاوکاری موستەعمەرنشینەکانی پێشتر بکات، چونکە ئەوان وڵاتانێکی گەورەن و تازە بونیادن، ئێستا نابێ ئێمە وابیربکەینەوە ئیمپراتۆریەتی ئەوروپا بە تەواوی جیاوازە لە هەموو ئەوانی دیکە. لە مێژووی هەموو ئیمپراتۆریەتەکان دەکرێ لەوە تێبگەین کە هەوڵیان داوە بۆ بەدەستهێنانی هێز، شانازی، بوێری، تەماح و هەندێ جاریش هەوڵی کاری چاکیان داوە. بەڵام ئیمپراتۆریەتی ئەوروپایی زیاتر لە هەموو شتێك بایەخی دەدا بە بازرگانی و پیشەسازی. ئەوە بوو کە حوکمڕانی ئەوروپای دەکرد، لە ڕێگای ئیمپراتۆریەتەکەیەوە، دەیویست ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێ لە جیهانی مۆدێرن.

کتێبە بڵاو کراوەکانی ئەم زنجیرەیە:

١-شۆڕشی پیشەسازی

٢-شۆڕشی زانستی

٣-سەردەمی ڕووناکبیری

٤-ئیبن سینا

٥-شۆڕشی ئەمریکا

٦-شۆڕشی فەڕانسە

٧-گاندی

٨-دووجەنگی جیهانی

٩-شۆڕشی ڕوسیا

١٠-جەنگی سارد

١١-ناسیۆنالیزم

١٢ئیمپریالیزم